# جەنابی سەرۆکیش ئازادی لغاو نەکات !

# سەردەشت عوسمان لەوتاری سەرۆکی هەرێمدا.

ئەمیر قادر – هۆڵەند



hangau@gmail.com

دوێنێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەرانبەر پەرلەمانتارانی هەرێمدا وتارێکی پێشکەشکرد،ئەو وتارە چەندتەوەری لەخۆگرتبوو کە سەفەرەکی سەرۆک بۆ تورکیاو فەرەنساو،تەوەری پێکهاتنەوەی حکومەتی عێراق ،تەوەری دوایی کە زۆری قسەکانی سەرۆکی چووە سەر مەسەلەی ئازادی و فەوزایەکە کە خەریکە ئەزمونەکەی هەرێم تێکدەدا (ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادییەوە دەکرێت ئازادی نییە، ئەمە فەوزایە خەریکە رەوشتی کوردایەتیو مرۆڤایەتی تێکدەچێت).

من وەک هەڵسوڕاوێکی بواری ئازادی و مافی مرۆڤ بەئەرکی خۆمی دەزانم زیاتر ناوەرۆکی وتارەکای سەرۆک و ئەو بەشەی کە پەیوەند بە ئازادیەوە شیبکەمەوە ،بەناچار دەبێت بچینەوە سەر ماکی هەستانەکانی ئەم دوایەی خەڵک لە دۆزی خوێندکارو ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسماندا،کە وتارەکەی سەرۆکی هەرێم و راگەیاندەنکانی ڕەسمی حکومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان سیفەتی رۆژنامەنووس لەسەردەشتی جوانەمەرگ دەستیننەوە(ئیستغلالی روداوێك بو بۆئەوەی ئیمتیازاتی سیاسی لەسەر حیسابی خوێنی گەنجێکی کورد بەدەستبهێنرێت)!.لێستاندن و دانی سیفەتیک و یان پێدانی ناو و چوارچێوەیەک بەدەر لەوەی کە هەیت و دەتەوێت بیبیستی دیسان پێشێلی مافی تاکە،لێکردنەوەی ئەم سیفەتە وەک ڕۆژنامەنووس دەکرێت باسێکی تربێت و شیکاری زیاتر دەخوازێت و دەکرێت زۆر مەرامی شاراوەو ئامانجدار لەم کارە بخوێنینەوە،بەڵام با ئەمەیان بەرچاومان لێڵ نەکات و لەسەر ئەگەرو نەگەر قسە نەکین و ڕاستەو خۆ بێینە سەر شیکردنەوەی وتارەکەی سەرۆک وکێشەی ئازادی و تیرۆری سەردەشت و فەوزا کەسەرۆک باسی دەکات من بە هەستانی خەڵک لەبەرانبەر تیرۆرو سەرکوتی ئازادی ناو دەبەم.

ئەگەر فەوزاکە کەلە وتەکەی سەرۆکدا هاتووە بکەمە کوردی و لەجێگەیدا گێرەشێوێنی دابنێم کە رەنگە سەرۆکیش هەر ئەمەی مەبەست بێت،دەکرێت باسەکە ئاسان تر شی بکەینەوە (گێرە) و( شێواندن) وەک دوو تێرم و کردار چاو لێبکەین،دوو لایەن دەبینین کە ئەوانەی خاوەنی خەرمان و (گێرەکەن) و دەستەیەکی تر کە خۆیان بە خاوەنی ئەم گێرەیە نازانن (شییێوێنەرن) کە

ڕەنگە بەرژەوەنیان لەم گێرەیەدا نەبێت و بیشیوێنن یان بکرێت وای بسوڕێنن کە بەرژەوەندی ئەوانیشی تێدا بێت،لە قسەکانی سەرۆکدا دیارە کە ئەو خاوەنی گێرەکەیە و دەکرێت ئەوەشی بخەینە سەر کە ئەو لەو ناڕەزایەتیە بێزارە کە دوای چەندین جار تیرۆری ڕۆژنامە نووسان و هەموو ڕۆژە ئەزیەتدانیان و کوتەک کاری و فڕاندن و هەڕەشەو دوایین ڕوداویش فڕاندنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمانە و ئەم گروپەش کە چەندین ڕەنگ و شێوەن و بینیمان کە بەهەزارانیان هاتنە سەر جادەکان و خۆیان پیشانداو ئەوانەن کەدەیانەوێت ئەم گێرەیە بشێوێت !.

دەکرێت لێرەوە لە ڕووە واقعیەکەی ئەم قسانە بدوێین و لە جەنابی سەرۆک بپرسین؟ بەڕیزان کوشتن و فراندنی گەنجێکی وەک سەردەشت لە هەولێردا و بێدەنگی بەڕێزتان لە جەند ڕۆژی یەکەمداو،دواتر وتاری پڕ هەڕەشەیەی مەکتەبی سیاسی بەڕیزتان و خۆتێهەڵقولاندن وشەڕپێفرۆشی گروپی یەکێتی قوتابیان بە هاوڕێی و هاوپۆلەکانی سەردەشت کە چوونە بەردەم پەرلەمان و ماوەی 5 ڕۆژ خستە گەڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەڕیزتان و هەڕەشەو خۆتوڕە کردنی بەڕێزتان دەبێت بۆ ئێمەو دۆست و هاوڕێیانەی سەردەشت و خێزانی مام عوسمان چی بێت ؟. هیچ نەدۆزینەوەو نەبوونی هیچ ئاماژەیەک بە لێکۆڵینەوەیەکی جدی لە دۆخی لێکۆڵینەوەکە چیمان پێدەڵێن. با پرسەکە سەرەو بن بکەینەوە ئەگەر بەجێی سەردەشت خۆشەویست و کەسێکی سەرۆک خۆی بووایە هەر بەو جۆرە سەیری خۆپیشاندانەکانیان دەکرد و بە گێرەشیوێن ناویان دەهات؟ بەڕاستی خۆپیشاندانی هێمنانە بۆ بەردەم پەرلەمان وحکومەت کوێی بە گوێرەشێوێنی ئەچێت،ڕووەکەی بەرانبەری بەسەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان دروستکردنی چەندنین ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی و نیمچە حیزبی بەجۆرێک هەر بەرپرسێکی نەخوێنەدەواریش دەزگایەکی ڕاگەیاندنی خۆی هەیەو کاری هەر ئەوەیە خۆی بە مەقام و جوانی خۆیدا هەڵبڵێت و ئەوانی تر بدێوێنێت و ئەگەر پێویستی کرد لەوەش تێپەڕی بکات و بیان کات بە بنکەی فەتوادان و گەرم کردنی شەڕو هەڕەشە،بەڕاست ئەم دەزگایانەی ئێوە لە جوان کردنی دەسەڵات و بەدێوکردنی ڕۆژنامەنوسان و خەڵکی سادەو هێزی تازەدا کاراترینن بەڵام ئایا هیچ دەستکەوتێکی واقعیان هەتا بۆ خۆتان هەیە !، بەعس و هێزە شمولیەکانیش هەر بەم جۆرە کاریان دەکرد،بەڵام بەویژدانەوە بینیمان کە نە ئەوان و نە کەناڵەکانی ئێوەش نەیان توانی سەرۆکەکان بەنەمری و بە موقەدەس بهێڵنەوە و جامی تەژی خەڵک و ناڕەزایەتی هەتا بەو هەموو سێدارەو کۆکوژیە بەری پێنەگیرا.

لایەنێکی تر کە ڕەنگەلەم تەوەرەداو بۆ بەهێزکردنی باسەکە و ڕوونکردنەوەی گرنگبێت و وتارەکەی سەرۆکیش گرنگی زۆری پێدەدات ئاسایش و ئابووریە سەرک دەڵێت(پێویستە هەمومان پارێزەری ئاسایشی هەرێم بین‌و خۆمان لەلێدوانی وا کەرەوشی ئەمنی دەشێوێنن‌و خەڵك توشی ترس‌و نیگەرانی دەکەن بپارێزین. گەر ئەمن‌و ئاسایش نەما گەشەکردنی ئابوری‌و ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی هەرێمیش نامێنێت‌و گەلەکەمان لەهەمو ڕویەکەوە زیانمەند دەبێت) باسی گرنگ ئەوەیە و لەگەڵێشیدا هاوڕام ئاسایشی هەرێم و ئابوری هەرێمە،بەڵام وەک باسمکرد ئاسایشی کێ؟ وتارەکە باسی خەڵک دەکات کە تووشی ترس و نیگەرانی بوون،باشە بەڕاست خەڵک لە فڕاندن و تیرۆری سەردەشت و کردەوە تیرۆریستیەکە تووشی ترس بوون یان بە هۆی ئەوەی کەمیدیاکان ئەم هەواڵەیان بڵاو کردۆتەوە خەڵک لەبەرانبەر ئەم تیرۆرەدا بەدەنگ هاتوون،کێ دەتوانێت ئەو باوەڕەمان لا ساغ بکاتەوە کە نەک کردەوەکە کە فڕاندن و تیرۆرو سەرکوتی ئازادیە بەڵکو پەرچە کردارەکە و هەواڵەکە تووشی ترسمان دەکات ! ،خاڵی گرنگ تر و بنەڕەتی ئابوری هەرێمە،کەسەرۆک وای باس دەکات ئەگەر گێرەشیوێنی هەبێت و ئەم هەواڵانە بڵاوببنەوە دەبنە هۆی بێمتمانەیی ئاسایشی هەرێم،بەڕاست من ناچمە سەر ئابوری هەرێم کە کێ لێی بەهرەمەندەو چەندیتان بەسەر خۆتان بەرپرسان و کوڕو کەس و نەوەکانتاندا دابەش کردووە و خەریکە گردو تەپۆلکەو شاخ و مەزراکانیش

دەکەنە تاپۆی خۆتان و خەڵکی ئاسایش ژیانی مەمرەو مەژی دەژین،ئەمە باسێکی ترەو لەوەی زیاتر لەسەر ناچم،بەڵام دەمەوێت ئەوە ڕوون بێت کێ ئەم باوەڕە قەبوول دەکات و ملی پێدەدات لەپێناوی سومعەی ئاسایشی هەرێمدا و لەوێوەش بۆ ئابووری بەهێز و سەروەت و سامانی زیاتر قەبووڵی تیرۆری خۆشەویست و کوڕو ئازیزەکانی و ژێرپێنانی ئازادی و کەرامەتی ئینسانیمان دەکات!

ئایە ئەم تێزەی سەرۆک کەدابین کردنی ئابوری و سمعەی هەرێمە لەگەڵ چوارچێوەکانی دونیای مۆدێرندا دێتەوە یان لەوەش بێهێزتر،ئایە هەتا هاوڵاتیانی کوردستان و هەڵسوڕاوانی کۆمەڵگای مەدنی باوەڕبەم لێکدانەوە دێنن و ئیمزای خۆیان دەخەنە سەر ئەم داخوازیەی سەرۆک،یان بەپێچەوانەوە زیاتر تووڕە دەبن و فاسیلەی ئەوان و سەرۆک و ماڵە بێخزمەت و بێ ئاسایشەکانی ئەوان و شوراکانی سەرۆکەکان و قەسرەکانایان زیاتر دەکات.

ڕاسترو واقعیتر ئەوەیە کەسەرۆک ترانسپرانتترو ڕاستر باسی تیرۆری سەردەشتی بکردایەوە لەوەش زیاتر جورئەتی هەبووایە کە ئەو تۆمەتانەی لە ئاسایش و دەزگاو حیزبەکەیان دەگیرێت چەند واقعیە،بواری بدایەو بە ئازادی ڕۆژنامەنوسان لەکۆنگرەی ڕۆژنامەنوسیدا دوای کۆبونەوەی پەرلەمان گفتوگۆو پرسیاریان بکردایەو خەڵک خۆی داوەربونایە،بەڵێنی بدایە کەتاوانباران ئەدۆزرێنەوە دەزگاکانی ئاسایش و وەزیری ناوخۆو بەرپرسانی پەیوەندار بەو دۆزەوە دەبێت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت و ئەگەر کەموکورتبوون لاببرێن و ئەگەر دەستیان هەیە لەم تیرۆرەدا دەبێت سزابدرێن.

بەداخەوە وتارەکەی سەرۆک نەیتوانی سەرابی گومانەکان برەوێنێتەوە،نەک هەر ئەوە یەک لایەنەو بەهەمان نەهجی ڕاگەیاندنەکەی تر لەسەر پاکانە بۆ حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەولێرو هێزەکانی ئاسایش بوو لە بەرانبەریشدا دووبارە کردنەوەی هەمان پەیام بوو کە ئەوانەی بۆ خوێنی سەدەشت بەدەنگ هاتوون لە میدیاکان لە ڕێکخراوەکان و لە کەسایەتیەکان لەبەرەی فەوازادان و ئابوری هەرێمیان لا گرنگ نیە وبە شێوەیەکی ئارامتر هەمان تۆمەتی21 ساڵی ڕابردووە کە خۆی لە تابوری پێنج و دەستی دەرکەیدا ئەبینیەوە.بێگومانم لەوەی کە چۆن لە 21ساڵی ڕابردوودا ئەم وتارەی دەسەڵات سەرکەوتوونەبوو ، ئەو نەهات بەدوای کارێکی ترەوە بێت و سەیری برینەکانی خۆی نەکرد و لەبەرانبەردا نەک چەند کەس و گروپێکی تەنها و 2ڕۆژنامە بەڵکو گەشەیەکی بەرچاوی هێزی مەدەنی و بێچەک و تازەو گەنج هاتنە پێش و بوونە هێزێکی گەورەتر ،بێگومان تیرۆری سەدەشت و بێدەربەستەیاکنی دەسەڵات هێزێکی گەورەی ئازاد و چاوکراوەی هێنایە پێش،هێزێک کە لەژوورەکاندا حیزب بیری بۆ ناکاتەوە،خۆی لە سفرەی خۆی و لە بارودۆخی خۆیەوە خۆی ڕێکدەخات و بەچەپ و ڕاستەوە بۆ ئازادی و ماف و کەرامەتی خەڵکی کوردستان ئامادەن و خەبات دەکەن،تەنها ڕێگە کاری جدی و ئاشکراکردنی تاوانباران و سزادانیانە،بە پێچەوانەوە نە ئەم پەیامانەو نە هەڕەشەکانی دەسەڵات و میدیاکانی لاشەی بێ نازی سەدەشت کە بووە بە لاشەو ڕۆحی هەمووان بیر ناباتەوە. ئێستا سەدەشت ڕەمزی ئازادی و لەهەمان کاتدا کەرامەتی هەمووانە،جیلێک کە بۆکەرامەتی خۆی و بۆ ئازادیەکەی ئامادەی کارە زەحمەتە بواربدات کە بێدەنگی و زەلیلی هەڵبژێرێت .

- ناوکەوانەکان دەقی وتاری سەرۆکی هەرێمە کەلەم لینکەدا هاتووە